بەشی یەکەم..

# گەنج هێزی بەتوانای گۆڕانکاریەکانە

محمد جزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

ماوەیەکە قسەو باسی میدیاکانی کوردستان لەسەر گەنجە و رۆڵ و هەڵوێست و ئاستی بەشداریکردنیان لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە تاو و توێ پێدەکرێت ، سەرنج لەوەدایە ئەم جۆرە ئاوڕدانەوانە دوابەستەی شێوە بێزاریەکی دەم رەخنە کاریەکانی گەنجانە، ئەو گەنجانەی پەرۆش بووی پێشکەوتن و گەشەکردن و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردەوارین، لە رۆژنامە و گۆڤارە کاغەزی و ئەلکترۆنی و ماڵپەرەکاندا لە دەرەوە و ناوەوە کەوتونەتە رەخنەگرتن و ئاشکراکردنی کەم و کوریەکان، بە تورەنەبونێکی دەم بێزاری عەقلانیشەوە خۆپیشاندان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا ساز دەدەن.

گەنج بۆخۆی بوویەکی ژیاوی عەقڵداری بە هەستە بە پێی وست و ئارەزو و تێگەیشتن و خوێندنەوەی بۆ زەمینەی کشت و کەنار و تامەزرۆیی بۆ فێر بوون و بە دەستهێنانی ماف و گۆڕانکاریەکان جم و جۆڵ و چالاکی دەسازێنێت، گەنجان وەك هەموو توێژ و چینەکانی تری کۆمەڵگە یەکسان نین لە ئاستەکانی خوێندەواری و روناکبیری و دەربڕینی هەستەکانیاندا و پێدەچێت لەمەڕ یەك مەبەست چەند گوزارشتێکی جیاواز دەربڕن، هەربۆیە رێك دەکەوێت دوو نامەی بێزاری رەخنە ئامێز لەسەر یەك مەبەست لای دوو گەنج دوو گوزارشتی جیاواز بە ووشەی جیاواز ببینرێت و یەکیان لە دەربڕینا ووشەکانی تورەبوونی زۆر یان جنێو ئاسا بەکار بهێنێت، بۆخۆم لەگەڵ ئەوەیدام کاتی دەربڕینی بێزاری دەبێت لەو ئاستەیدا بێت بەرامبەر لێی تێبگات و وەری گرێت سەرباری ئەوەی ئامرازێکی تێنەگەیشتن یان راکێشانی بۆ دیالۆگێکی لابەلای وەها پێشێلکاری بەسەر مەبەستدا بهێنرێت، چون بەزۆری ئەو رەخنە لێگیراوەی لە کەم بیری یان بەرژەوەند پاراستنەوە بە تورەبوون و هەڵچونێکی نا شایستەوە هاتە مەیدانی بەرەنگار بوونەوە رەوتی کێشەکە دەگۆڕێت.

نمونەی نزیك و زیندوی ململانێ و کێشمانکێشی خەبات و شۆڕشگێری لە شۆڕش و دەرهاویشتەکانیدا بۆچون و پێناسەی حیزبی دەسەڵاتدار و شۆڕش لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەرامبەر بە گەنج بە شۆڕشگێر و پڕ هەڵوێست و قارەمان و خەباتگێر ناو دەبرا، ئەم پێناسەکردنە دەرئەنجامی چالاکیە جۆربەجۆرەکانی خودی گەنج خۆی بوو، دیارە لەبەرامبەریشیدا رژێمی داگیرکەر بە ئاژاوەگێڕ و یاخی بووان و کرێگرتە و لاسار و خائن ..تاد پێناسە دەکرا، هەر بۆیە هەمیشە بەشی زۆری گرتن و ئازاردان و کوشتن بەرۆکی گەنجانی گرتبوو.

مەیلانی دوێنێی گەنج بۆ دەقێکی ئایدۆلۆژی و خۆ رێکخستن لە سایەیدا بە مەبەستی خۆسازدان و بەرەنگار بوونەوە بوو لە سەرچاوەیەکی رێکخراوەیی شۆڕشگێریەوە و بۆ مسۆگەری ئاسودەیی و رزگار بوون لە دەسەڵاتێکی سەپاو و چێژوەرگرتن لە ئازادیەکان، مەیلانی ئەمڕۆی گەنج بۆ دەسەڵاتە سیاسیەکان و حکومەتی خۆبەخۆ وەك مەیلانی زەمەنی شۆڕش نیە ، گەنج ئەوەی دوێنێ خۆی تیا ریکدەخست ئەمڕۆ لە کەم و کورت هێناندا بەرەنگاری دەبێتەوە، گەر جاران دژ بوو بێت بە دەسەڵاتی دوژمن و بەرەنگار بوونەوەکانی لەو چاوگانەوە سەریان دەرهێنابێت ، دژایەتی ئەمڕۆی شێوازێکی تر لە خۆ دەگرێت، شۆڕشی چەکدارانە ناکات رەخنە دەگرێت و ماندەگرێت و خۆپیشاندانی هێمنانە ساز دەکات و داوای ئازادی تەواوی بیر و را و نان و کار و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەکات، دژ بە تەواوی گەندەڵیەکانە .

لە مێژووی ململانێو شۆڕش و گۆڕانکاریەکاندا بە زۆری گەنج دەستپێشخەر ی چالاکیەکان بووە و هەر گەنجیش تەواو کەر بووە ، گەنج مەیلانی هەمیشەیی بەلای گۆڕانکاریدا هەیە و هیچ بەربەستێك ناتوانێت رێ بە هەڵچوون و تەقینەوەکانی بگرێت ، لە سەرهەڵدانی هەر دیاردەیەکی نەیاردا سەرەتا گەر رواڵەت کارانە رەنگدانەوەی لەسەر گەنج هەبێت ، لەگەڵ مانەوەی دیاردە نەیارەکەدا گەنج خولیای هەمەلایەنەی تێگەشتن و قوڵبونەوە بە جۆرێك لای دەسازێ مەحاڵە لە خشتە ببرێت.

کەواتە گەنج وەك بەشێکی بەرفراوان و ووزەیەکی بە توانا لە کوردستانی حوکمی خۆبەخۆدا چی دەوێت؟ بڵێی گەنج لە هەڵپەیەکی هەرزانەوە پەلەی رەوشێکی پێشکەوتووی بێت؟ لەبەرامبەر ژمارەیەکی زۆری گۆڤار و رۆژنامەی کوردی دا چی تری دەوێت؟

گەنجی ئەمڕۆ تەمەنی گەنجایەتی نە لە سەربازی بوونێکی نا دیار و گرتوخانەکانی ئازار و ئەشکەنجە و کوشتندا بەسەر دەبات نە ئەرکی رزگاری و نیشتمان پەروەری دووچاری ناو شۆڕش و شاخەو شاخی دەکات و لە پێخەفی گەرم دوری دەخاتەوە،کەواتە گونجی ئەمڕۆ چی دەوێت؟